

# ئامازۆن و دوو ئیکۆ



ئامازۆن گەورەترین فرۆشگای یان بڵێین سوپەر مارکێتی ئینتەرنێتییە، سوپەرمارکێتێکی جیهانی! وەك كورد دەڵێت سەری مار و مێرووی تێدایە، دەست بۆ هەرچی بەری لەوێدا گیرت دەکەوێ و هەر ئەوەندەیە ناونیشانی خۆت بنووسی و لەگەڵ دانی پارەی کەلوپەلەکە، ئەوە لە ماوەیەکی کەمدا دەگاتە دەستت.

کۆمپانیای ئامازۆن هەر بەوەندە نەوەستاوە کە کەلوپەل و بەرهەمی کۆمپانیاکانی دیکە بفرۆشێت، چەند ساڵێکە بۆخۆشی دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی، نوێترین بەرهەمەکانی ئامازۆن چەند echo یەکن. لێرەدا ئاماژە بە دوو لەم ئیکۆیانە دەکەین.

ئیکۆ شۆ (Echo Show): پێکهاتووە لە شاشەیەکی ١٠ ئینجی لە جۆری HD کە لەسەر مێز دادەنرێ، زۆر وەك سپیکەری ئەلیکسا دەچێت، یانی هەر پرسیارێك لەم شاشەیە بکەی، لە ئینتەرنێت دەگەڕێ و لەماوەیەکی کەمدا وەڵامت دەداتەوە، نەك پرسیارێ بەڵکو هەر داواکارییەکیش بکەی، هەتا دەتوانی داوای حەیرانێکی سیساوەیش بکەی، یان هەواڵەکانی کاتژمێری رابردووی رووداوت بۆ لێبداتەوە.

ئیکۆ شۆ کامێرایەکی ٥ میگاپیسکلی هەیە بۆ ئەوەی کە بەشێوەی HD وێنە بگری و بە دەنگ و رەنگەوە پەیوەندی بکەی.

ئیکۆ ئۆتو(Echo Auto): ئەم ئیکۆیە تایبەتە بە ناو ئۆتۆمبیل، بەهۆیەوە پێویست ناکات، فلاش میمۆری بۆ گوێدان بە گۆرانی لەسەر ئۆتۆمبیلەکەت دابنێی، یان موبایلەکەتی پێوە پەیوەند بدەی. دەکرێت لە هەر شوێنێك بی، هەر فەرمانێك کە مەبەستتە بە ئیکۆ ئۆتوی بکەی، بۆ نموونە پێی بڵێی کەش و هەوا سبەی چۆن دەبێت، یان دەنگ و باسی هەڵبژاردن گەیشتە کوێ. یان بە ویستی خۆت حەزت لە گۆرانی چ هونەرمەندێك بوو گوێی لێبگری. وزەی خۆی لە شوێنی چەرخی جگەرە، یان شوێنی دانانی USB وەردەگرێت. دەتوانی وەك ریمۆت کۆنترۆڵیش بەکاری بێنی، بۆ نموونە لە کاتی نزیك بوونەوە لە گەراج، داوا بکەی دەرگات بۆ بکاتەوە، یان دەکرێت لەکاتی کەم بوونی بەنزیندا، پێی بڵێی نزیکترین بەنزینخانە لەم شوێنە کوێیە؟

# وایت بۆردێکی هۆشمەند بۆ وانە وتنەوە



ئەگەر بۆ نیو سەدە بگەڕێینەوە و کەمتر لەوەش دەبینین، گرنگترین ئامێری فێرکاری لە قوتابخانەکان، بلاك بۆرد (تەختەرەشە) بوو.. لە ساڵەکانی دوو هەزار بەولاوە، لانیکەم لە ناوچەکەی ئێمەدا، بلاکبۆرد جێگای خۆی دا بە وایت بۆرد (تەختە سپی) و ئێستا ئەمە بەکار دێت..کاتێك تەکنەلۆژیا پێشکەوت، تەختەی دیجیتالی و هۆشمەند خەریکی تەختە سپیش دەکەنە مێژوو..

نوێترین تەختەی هۆشمەندی دیجیتالی سامسۆنگ کە بە شاشەکانی flip ناسراون، دەکرێت یاریدەدەرێکی باشی مامۆستا بێت لەوانە فێرکارییەکاندا، یان یاریدەدەرێکی باش بۆ ئەوانەی لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا نیازیان هەیە بابەتێك شی بکەنەوە..

تەختەی دیجیتالی samsung-flip-wm55h وەك تەختەیەکی سیحری دەچێت، دەکرێت راستەوخۆ موبایل و تەبلێتەکەت لەسەر شاشەی تەختە دیجیتالییەکە نیشان بدەی، پاش نووسینی گشت تەختەکە پێویست ناکات بیسڕیەوە، بەڵکو دەکرێت وەك دەفتەر لاپەڕەیەکی دیکە هەڵبدەیەوە و هەرکاتێك پێویستت بە لاپەڕەی پێشوو بێت بیگەڕێنیەوە. دەکرێت گشت ئەو شتانەی لەسەر تەختەکە دەنووسرێن خەزنیان بکەی و لەکاتی پێویستدا سوودیان لێببینی..

شاشەی تەختە سمارتەکە ٥٥ ئینجە، بە کوالیتیەکی بەرز واتە UHD و دەکرێت بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی سوودی لێوەربگری. بەهۆی قەڵەمی دیجیتالی تایبەت بەخۆی دەکرێت لە یەك کاتدا چوار کەس پێکەوە بابەتەکانیان لەسەری بنووسن. بە گشت ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی وەك لاپتۆپ، کۆمپیوتەری سەرمێز، موبایل و تەبلێت پەیوەند دەدرێت و شوێنی دانانی فلاش میمۆری و هاردی هەیە، شاشەکە دەتوانێت فایلەکانی پاوەرپۆینت و ئەکسڵیش بکاتەوە و نیشانیان بدات، لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و دەکرێت هەم ناوەرۆکی سەر شاشەکە بۆ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی یان بۆ ئیمێل بنێری، هەم سایتەکانیش لەسەر شاشەکە بکەیەوە..

# کتێبخوێنێکی ئەلکترۆنی دژە ئاو

کتێبخانەی ئەلکترۆنی یان بە واتایەکی دیکە کتێب خوێنی ئەلکترۆنی، ئەم ئامێرەیە کە پێکهاتووە تەنیا لە شاشەیەك، رواڵەت و شێوەی وەك تەبلێتێك دەچێت، بەڵام کاری تەبلێت ناکات و تەنیا تایبەتە بە خوێندنەوەی کتێب، شاشەکە بە جۆرێك دروست دەکرێت کە تیشکنەداتەوە و چاو ئەزیەت نەکات و زۆر لە شێوەی کاغەزێکی ئاسایی بچێت.

کۆمپانیای کۆبۆ (kobo) بەم دواییە نوێترین کتێبخوێنی خۆی خستەڕوو، کتێبخوێنی forma بە هەندێك تایبەتمەندییەوە لە کتێبخوێنەکانی دیکەی کۆمپانیای ناوبراو پێشکەوتووترە. گرنگترین بەشی کتێبخوێنەکە ئەوەیە کە بەتەڕبوون تێکناچێت و ئەگەر کاتژمێرێکیش لەناو ئاودا بێت گرفتێکی بۆ نایەتە پێش. سیستەمی دژە تیشکی شینی تێدایە بۆ ئەوەی کە چاو ئەزیەت نەدات. میمۆری خودی کتێبخوێنەکە ٨ گیگابایتە کە بۆ ئامێرێك تەنیا فایلەکانی pdf و دەق لەخۆیدا خەزن بکات، زۆر گونجاوە.


# تەکنەلۆژیای سەردەم لە خزمەت بەساڵاچوواندا

تەکنەلۆژیای سەردەم هەموو لایەکی گرتۆتەوە، تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراو، منداڵ و پیروڵاو دەکرێت وەك یەك سوودی لێوەربگرن، جارێ هیچ شتێك وەك ئامێرە دیجیتاڵییەکانی سەردەم خزمەتی بە جیهانی منداڵان نەکردووە، هەرچەندە بەداخەوە زیانی لابەلاشی هەبووە، وەك خووگرتنی زۆر بە ئامێرەکان و دوورکەوتنەوە لە راهێنانی جەستەیی، بەڵام لە بواری فێرکارییەوە لە مامۆستایەك گرنگتر بووە..

تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە خزمەت جیهانی پیروبەساڵداچووەکانیشدایە، گۆچانە دیجیتاڵییەکان جگەلەوەی دەستی پێوەدەگرن رێنوێنیشیان دەکەن، رۆبۆتە هاودەمەکان، کتێبخوێنە دەنگییەکان، کە کتێب بۆ بەساڵداچووان دەخوێننەوە..لێرەدا ئاماژە بەدوو ئامێری تایبەت بە ساڵاچووان دەکەین..

**سویچ کۆنترۆڵی لاجیتك:** ئەم ئامێرە بۆ کۆنترۆڵی گشت کەلوپەلە کارەباییەکانی ماڵەوە بەکاردێت، دەکرێت هەر بەو ئامێرە تەلەڤزیۆن بکوژێنیەوە، سەلاجەکە هەڵبکەیەوە، گلۆپەکانی ماڵەوە کۆنترۆڵ بکەی، دەرگای دەرەوە بکەیەوە.. بەساڵداچوویەك کە سوود لەو ئامێرە وەردەگرێ، پێویست ناکات جوڵەیەکی زۆر بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی ماڵەوە بکات، هەموو شتێك لەو کۆنترۆڵەدا کورت کراوەتەوە..

**رۆبۆتی BUDDY:** رۆبۆتەکان خزمەتێکی زۆر دەکەن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی پککەوتن و یان بە ساڵداچوون، رۆبۆتی BUDDY ئەرکی ئەوەیە ببێتە هاودەمێکی باش بۆ بەکارهێنەرەکەی. پەیوەندییەکانی بۆ دەگرێت و وەڵامی پەیوەندییەکانی دەداتەوە. لەکاتێکی زۆر ناسکدا ئەوکاتەی بەکارهێنەرەکەی تووشی گرفتێکی جەستەیی و رۆحی بوو، نزیکترین کەسەکانی یان دکتۆری پێویست ئاگادار دەکاتەوە. کتێب بۆ بەکارهێنەرەکەی دەخوێنێتەوە و گۆرانی بۆ دەڵێت، بەگشتی هاودەمێکی باشە بۆ بەکارهێنەرەکەی..








# له ماوەی سی چرکەدا ددانەکانت دەبریسکێنەوە

ددان کە وەك گەوهەری گرانبایی ژیان سەیریان دەکرێت، ئەگەر خزمەتیان نەکرێت بۆ یەکجاری نامێنن. لەم سەردەمی پێشکەوتن و سمارتەدا کە هەموو شتێك بەرەو هۆشمەندی و زیرەکی هەنگاوی ناوە، فڵچەی ددانیشی گرتۆتەوە. فڵچەی ددانی هۆشمەند هەیە هاوکاریت دەکات چۆن دانەکانت بشۆی، بە چ جۆرێك بیانشۆی، کاتەکانی شوردنت بیردەخاتەوە.

فڵچەی هۆشمەندی جۆری ez-teethbrush هیچ وەك فڵچەکانی دیکە ناچێت، ئەو فڵچەیە لە یەك کاتدا گشت دانەکانت خاوێن دەکاتەوە، ئەویش تەنیا لە ماوەی ٣٠ چرکەدا. چەندین جار خێراترە لە فڵچەکانی دیکە.

پزیشکێکی ددان دەڵێت ئەو فڵچەیە گشت پاشماوەکانی خۆراك کە لە کەلێننەکاندا دەمێننەوە دەردێنێتەوە و ددانەکانت وەك جامێکی بێگەرد دەبریسکێنێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت، چۆن دەکرێت فەیسبوکەکەم بە یەکجاری دابخەم، یان بۆ ماوەیەکی کاتی؟**

خوێنەری بەرێز گەر نیازت هەبێت بە یەکجاری فەیسبوکەکت دابخەی پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرییە بەر؟ سەرەتا لە بەشی setting دا، دیارە ئەگەر زمانی فەیسبوکەکەت بە عەرەبی بێ دەنووسترێت (اعدادات) یان ئەگەر بە فارسی بێت دەنووسرێت (تنظیمات).. لەو بەشەدا بچۆ سەر securityبکەوە، لە خوارەوەی ئەم بەشەدا deactivate your ac- count هەیە. لێبدە پەنجەرەیەکی دیکە دەکرێتەوە، چەند پرسیارێکی تێدایە، بە مەیلی خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە، پرسیارەکان هەموویان لەبارەی ئەوەن هۆکاری چییە فەیسبووکەکەت دادەخەی، پاش ئەوەی یەکێکت دیاری کرد، لاپەڕەیەکی دیکە دەکرێتەوە، لەو لاپەڕەدا ماوەی داخستنەکە دەنووسی کە بۆ ماوەی چەند رۆژ دایدەخەی، دواتر دوای پاسۆردەکەی فەیسبوکەکەت لێدەکا و دوایی ئەوە هەتا ئەو ماوەیەی دیاریت کردووە فەیسبوکەکەت دادەخرێ.. داخستن بەو مانایە کە هیچ کەسێك لە هاورێ و دۆستانت ناتوانێ بیدۆزێتەوە یان پەیوەندیت پێوە بگرێت.

## پرۆگرامێک بۆ فیلم هەڵگرتن لە دیسکتۆپ




پرۆگرامی تایبەت بە فێرکردنی کۆمپیوتەر گەلێکن، هەموو ئەو پرۆگرامانە دەبێت وێنە و فیلم لە شاشەی کۆمپیوتەر هەڵبگرنەوە، بۆ ئەوەی کە فێرخواز سوودی لێوەربگرێت.. ئەرکی سەرەکی پرۆگرامەکانی فێرکاری ئەوەیە کە بتوانێت بە وردی فیلم و و وێنە لە شاشە هەڵبگرێتەوە، مامۆستای فێرکار شیکاری بکات..

یەکێك لە پرۆگرامەکانی فێرکاری و هەڵگرتنەوەی فیلم لە دیسکتۆپ، پرۆگرامی CyberLink Screen Recorderە، هەروەك لەناوەکەی را دەردەکەوێت، پرۆگرامێکە بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشە بە باشترین کوالیتی.. جیاوازی ئەم پرۆگرامە لەگەڵ پرۆگرامە هاوشێوەکانی لەوە دایە، پرۆگرامی ئاماژە بۆ کراو دەتوانێت فیلم لەو بڵاوکردنەوە راستەوخۆکانیش بگرێت، جا فیلمی ڤیدیۆیی بێت، یان گەیمی ئۆنلاین.. دەکرێت هەر ئەوکاتە کە نیازی فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشەت هەیە، هەر ئەوکات راستەوخۆ، فیلمەکە هاوبەش بکەی و لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکەیەوە.



# کیبۆردێکی تایبەت بە تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان

تەلەڤزیۆنـە سـمارتەکان هـەر ئـەو ئامێـرە نیـن کاریـان وەرگرتنـی کەناڵـەکان بێـت، بەڵکـو دەتوانـن ماڵپەڕەکانـی ئینتەرنێتیـش بکەنـەوە، تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان بکەیـەوە و بەهـۆی ئەوانـەوە چـات بکـەی.. بـۆ چاتکـردن و گـەڕان لـە نێـوان سـایتەکاندا پێویسـتت بـە کیبـۆردە، هەرچەنـدە کیبـۆردی مەجازیـان تێدایـە، بـەڵام کارکـردن بـە کیبـۆردی دیکـە ئاسـانترە..

لـەم ماوەیەدا کۆمپانیای لاجیتیك نوێترین کیبۆردی تایبـەت بـە تەلەڤزیۆنـە هۆشـمەندەکان بەرهـەم هێناوە، کیبۆردی جۆری K600 کە لەڕاستیدا پادێکی لەمسییە و لەگـەڵ دوگمەکانـی کیبۆرد.. کیبۆردەکە لە ڕێگای بلوتوسـەوە لەگەڵ سیسـتەم و ئامێرەکانی دیکەش وەك تەبلێت، موبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت..



## بۆ زانینی تەمەنت سەر لەو ماڵپەڕە بدە

لـە سـەردەمی تەکنەلۆژیـای نوێـدا، بـۆ زانینی تەمـەن و ڕەگەز و هاوشێوەیەت پێویست بە پسپۆری و شـارەزاییەکی ئەوتـۆ نـاکا، ئاپ و پرۆگرامـی زۆر تایبـەت هـەن کـە تەمـەن دیـاری دەکـەن، ئەگەر سەداسـەدیش ڕاسـت دەرنەچـن، مەودای ناڕاستیان زۆر کەمە، نەك پرۆگرام سـایتی تایبەت بە دیاری کردنـی تەمەنیـش گەلێکن، یەکێك لەم سایتانە سایتی pictriev.com لـەم سـایتەدا جگە لـە دیاریکردنی تەمـەن، ڕەگـەز و هاوشێوەکەشـت دیـاری دەکا، کاتێـك سـایتەکە دەیکـەوە، وێنەیەك ئاپلۆد دەکەی و پاشان ڕەگەز و تەمەن و هاوشێوەی وێنەکەت پـێ ڕادەگەیەنێ، دیاری دەکات کـە خاوەنـی وێنەکە وەك چ کەسـایەتییەکی مەزنـی جیهانیـش دەچێت..

## پرێنتەرێک بە فەرمانە دەنگییەکانت دەجوڵێتەوە



کۆمپانیـای HP لـەم دواییـە نوێتریـن پرینتـەری بچووکـی خـۆی بەرهەم هێنـا، پرینتەرێك کە سـتایل و شـێوەکەی وەك کتێبێـك دەچێـت، جیـاوازی ئـەم پرینتـەرە لەگـەڵ گشـت پرێنتەرەکانـی دیکـە ئەوەیە کـە بەکارهێنـەر بە دەنـگ فەرمانەکانی پـێ دەڵێت، بـۆ نموونـە پێیدەڵێـت لـەم بابەتـەدا لاپـەڕەی ٤م بـۆ پرێنـت بکـە. یـان تەنیـا لاپـەڕە جووتەکانم بـۆ پرێنت بکە. پرێنتەرە گوێڕایەڵەکە بە tango ناسراوە. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەنـدی هەیـە و لەگـەڵ سیسـتەمی ئەلکسا و کورتانا و گوگل سیستێنت دەگونجێت. ئەم سیسـتەمانە جێبەجێـی کردنی فەرمانـەکان بە دەنگ لە ئینتەرنێتدا.

پرینتەرەکـە نـە تەنیـا ئـەو لاپەڕانـەی کـە لەسـەر شاشـەی کۆمپیوتەرەکـەن دەتوانـی پێـی پرێنـت بکـەی، بەڵکـو بـە پرینتەرەکـە بڵێـی هەواڵەکانـی وەرزشـی یـان سیاسـی یـا ئابـووری فڵانـە ماڵپـەڕەم بـۆ پرێنـت بکـە.. ئیـدی پرێنتەرەکـە ماڵپەڕەکـە دەکاتـەوە و کارەکان ئەنجـام دەدا. خـودی پرێنتەرەکـە وەك کتێبێـك دەچێت و دەتوانـی لـەلای کتێبـەکان لـە کتێبخانەکـەت دایبنێـی.